

# جەنگ

شیعر ( سمکۆ محەمەد )

هەزاران شەو رۆیشت

ئێمە دەستمان لەسەر خەنجەر و پیتکەمان لەسەر تفەنگ بوو

تۆ هەر نەهاتی

ئەی جەنگ

وەرە لەگەڵمان بە

جێمان مەهێڵە توخوا

کوڵە پشتەکەت دانێ و باسی شارەزایی خۆتمان بۆبکە, تۆ روبارێک, کانیاوێک, شاخێک, دەشتاییەک نیە نەگەڕابێتی, رێبوارە لەگگامەکانی ئێمە خەوە نوچکەیانە, باسی دەریاوانەکانی خۆتمان بۆبکە, مەلەوانە چاوقایمەکانی ئێمە خەریکی ماسی گرتنن, باسی لوئلوئە و مەرجانەکانی خۆتمان بۆ بکە, راوچیەکانی ئێمە گوێچکە ماسیش بەتەلا دەفرۆشن.

لالوت مەبە و لەگەڵ خۆتا لافاو بێنە لافاو.

هەزاران شەو رۆیشت

ئێمە دەستمان لەسەر دڵمان و پیتکەمان لەسەر زەنگ بوو

تۆ هەر نەهاتی

ئەی جەنگ

وەرە هاوڕێمان بە

جێمان مەهێڵە توخوا

خێمەیەک هەڵدە و باسی شەوە خۆشەکانی خۆتمان بۆبکە. تۆ شارێک, گوندێک, گەڕکێک, کۆڵانێک نیە نەگەڕابێتی, گەڕیدەکانی ئێمە لەژێر نایلۆنا فەلسەفەی هەڵاتن دەنووسن. باسی کوڕە جوامێرەکانی خۆتمان بۆبکە,کچە ترسنۆکەکانی ئێمە دوای خەتەنە کردنیان. کراسە ئاودامانەکەیان دەدڕێنن. باسی میتاڵە ئاگراویەکانی خۆتمان بۆ بکە. درەختە سوتاوەکانی ئێمە سەرما بردەڵەن.

شەرمن مەبە و لەگەڵ خۆتا هەور بێنە هەور.

هەزاران شەو رۆیشت

ئێمە دەستمان لەسەر چاومان و پیتکەمان لەئاوی مەنگ بوو

تۆ هەر نەهاتی

ئەی جەنگ

وەرە لەلامان بە

جێمان مەهێڵە توخوا

ساباتێک هەڵدە و باسی پێغەمبەرەکانی خۆتمان بۆبکە. تۆ کتێبێک, دەقێک, ئایەتێک, چیرۆکێک نیە نەتخوێندبێ, پیاوچاکەکانی ئێمە پەڕی سپیش دەسوتێنن. دایکە هارەکانیشمان خۆڵەکەوەکەی دەکەن بەکلی چاو. باسی فریشتە پاکیزەییەکانی خۆتمان بۆبکە. سیحربازە دۆخین پیسەکانی ئێمە لەگەڵ تارماییشدا سێکس دەکەن.

زانایەکی تورەمەبە و لەگەڵ خۆتا بورکان بێنە بورکان.

هەزاران شەو رۆیشت

ئێمە دەستمان لەیەکتر دوور و زمانمان لەسەر یەکتر بوو

تۆهەر نەهاتی

ئەی جەنگ

وەرە میوانمان بە

جێمان مەهێڵە توخوا

رەشماڵێک هەڵدە و باسی تەنهایی خۆتمان بۆبکە. تۆ نیوەشەوێک, نیوەڕۆیەک,

بەرەبەیانێک, هیچ کاتێک نەماوە تیانەژیابی, قەرەباڵغی ئێمە لەگەڕەلاوژێی قیامـەت دەچـێ. باسی دوژمنەکانی خۆتمان بۆ بکە. دۆسـتەکانی ئێمـە لەترسـی سـەرکەوتن ناپەرژێنـە سـەر عیشق. باسی نوکتەبازەکانی خۆتمان بۆبکە. جنێو فرۆشەکانی ئێمە تف لەکۆتریش دەکەن.

زویر مەبە و لەگەڵ خۆتا تۆفان بێنە تۆفان

هەزاران شەو رۆیشت

ئێمە دەستمان لەبینی یەک و پێتکەمان لەسەر ناوی یەکتر بوو

تۆ هەر نەهاتی

ئەی جەنگ

وەرە دۆستمان بە

جێمان مەهێڵە توخوا

بارگەت هەڵدە و باسی جەنگاوەرەکانی خۆتمان بۆبکە, تۆ بەرەیەک, سەنگەرێک, قوللەیەک, مەیدانێک نەماوە کوڕێنیت تیـا نـەکردبێ. پیـاوە کاغەزیـەکانی ئێمـە لـەنیگابانی سـوڵتان و کۆشکی قەحپەنشینەکانەوە دەنگمان دەدەن, باسی ژووره روناکەکانی خۆتمان بۆبکە, لەژووره تاریکەکانی ئێمە سەکسارەکانیش هەلەکە سەما دەکەن.

عەبووس مەبە و لەگەڵ خۆتا رەشەبا بێنە رەشەبا.

هەزاران شەو رۆیشت

ئێمە دەستمان لەیەخەی یەکتر و پێتکەمان لەسەر هەڕەشە بوو

ئەی جەنگ

وەرە فریادمان بە

جێمان مەهێڵە توخوا

باسی مناڵە چەقاوەسووەکانی خۆتمان بۆبکە, تۆ بەردە فڕکێ, دارلاستیک, قۆچەقانێ نـەماوە گەمەی پێنەکەی. قەزەمەکانی ئێمە لەگەڵ پاڵەوانەکانا هەڵماتێن دەکـەن. باسـی نەوجەوانـە بەنازەکانی خۆتمان بۆبکە. هـەرزەکارەکانی ئێمـە خـەون بەڕاحـەت بونـەوە دەبیـنن. باسـی

قەدەرە رەنگاڵەییەکانی خۆتمان بۆبکە, سوتفەکانی ئێمە لەبەر تەڵخی نابینرێن مەتۆریٚ و لەگەلٚ خۆتا هەرامان بۆبێنە هەرا.

لێمان مەگرە ئەی جەنگ

دونیای ئێمە وێنەیەکی رەش داگیرساوە..

هێندە کوێرین کەبەفری ڕەش دەباریٚ یەخەی هەوری مۆر دەگرین. منداڵێك کەلەبەر هەتاو لەدایك دەبیٚ یەخەی باران دەگرین. مردوو لەهەر شوێنێك زیندوو بێتەوە یەخەی گۆڕستان دەگرین. نێرگز کەزویر دەبیٚ لەزەوی یەخەی بەهار دەگرین کەجلی سەوزی فڕێداوە. خۆڵەمێش کەلەدەریادا ون دەبیٚ یەخەی دەستی ئاگر دەگرین.

گازاندە مەکە ئەی جەنگ

دونیای ئێمە ژنێکی رەشی داپۆشراوە..

هێندە دەسەوسانین ناتوانین یادی مەرگی خۆمان بکەینەوە. ناتوانین دڵۆپە خوێنەکانی خۆمان لەشیعردا بنێژین. ناتوانین خەونی خۆمان بەئاوریشمەوە بئاڵێنین. ناتوانین لاشەی خۆمان بە رەشپێستێکی غەریبە بسپێرین. ناتوانین بێدەنگ بوونی خۆمان بدەینە دەست با. قورڕیشمان داوە بەدەم خۆمانا .

گللەیی مەکە ئەی جەنگ

دونیای ئێمە قوتویەکی رەشی بەتاڵە..

هێند ترسنۆکین ناتوانین لەسیزیفەوە فێربین جەستەی خۆمان بخەینە سەر هەرتك شانمان. ناتوانین لەفارابییەوە فێربین رۆحی خۆمان بنێرن بۆ بەهەشت. ناتوانین لەچینیەکانەوە فێربین بەخوێن رێگا پاك بکەینەوە. ناتوانین لەحەللاجەوە فێربین فیشەگێك بنێین بە تەوێڵی درۆوە. ناتوانین لەبای رەشەوە فێربین لاپەڕەکان بۆدەژاکێن. لەکلکی رەنگینی پاساریە کوژراوەکانەوە فێربین کوێری لەچاودا نیە..

ئەی جەنگ

تۆ خۆدەتوانی پەیکەری هەژاری تێك بشکێنی

بۆچی ئیبراهیم ناناسیتەوە

تۆ خۆدەتوانی جوگرافیای شیعر تێک بشکێنی

بۆچی خەڵوەتگەرێک ناناسیتەوە

تۆخۆ دەتوانی پاڵەوانی حیکایەتەکان بکوژی

بۆچی کراسەکەی یوسف ناناسیتەوە

تۆخۆ دەتوانی دارتەلی مۆسیقا بپچڕێنی

بۆچی تەمبورەکەی داود ناناسیتەوە

بیرم دێ هاوینێک بەشەکەتی و برسێتی هاتی

پیاوێک لەسەر تەختەقیمە مەمکی کچەکەی خۆی دەجنی

ژنەکەشی لەمەنجەڵێکی مسدا گونی کوڕەکەی دەکولاند

تۆ گریای

بیرم دێ زستانێک بەرووت و قوتی هاتی

پیاوێک لەبەر ئاگردان دەمە قاچێنی بەددانی کوڕەکەی دەکرد

ژنەکەشی لەدالانەکەدا چاوی کچەکەی بەدیواردا هەڵدەواسی

تۆ دامای

ئەی جەنگ

ئەگەر سواڵەتێکی بەتاڵ, دەرپێیەکی سووری شڕ, گۆچانێکی رزیو, چاویلکەیەکی شکاوت چنگ کەوت بیپارێزە لە قاچاخچیەکان

ئەگەر دەنگی کەڵەشێرێکت بیست, لاپەڕەیەکی زەردت بەرچاوکەوت, پشتوێنێکی سەوزت دۆزیەوە بیپارێزە لە تالانچیەکان

دڵ نەرمی بنوێنە

فەرهەنگی میتاڵەکانی خۆتمان پێ ببەخشە

فێرمان کە چۆن دەستی زبر بە مشتێ پەڕمەنگەنات بشۆین. چۆن سیسیەک تێزاب بەقاچی سپی و سۆڵا بکەین. چەن گرام کۆکائین بکەین بەچاوێکی خەواڵوا. چەن کەوچک کافور بکەین

بەقورِگی هەرزەکارا.

هێند عاشقی تۆین شێت بووین

هێندە هۆگری تۆین وێڵ بووین

هێندە عەوداڵی تۆین دڵمان هەمیشە تەنگە

هێندە ئامادەین پیتکەمان هەمیشە لەسەر تفەنگە

وەرە لەگەڵمان بە هاورِێمان بە فریادمان بە دۆستمان بە

ئێمەش بەشێکین لەجەستەی تۆ